# بەرگرییەك لە خواستی فراكسیونی ناو حككع

بەدوای هەڵویستی نامەسئولانەی رابەرایەتی حككع لە بەرامبەر جیابوونەوەی بەشیك لە كادران و ئەندامانی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری ئیران، و چونە پشتی ئەو رابەرایەتی یە بۆ خەتی كۆرشی مودەرسی و پیكهینانی حیزبی تازەی ئەوان ، ژمارەیەك لە كادران و ئەندامانی حككع هەڵویستی جیایان دەربری و لایەنگری خۆیان لە خەتی حمید تقوایی و حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری ئیران دەربری ، رۆژی 2004/9/19 لە زمانی ئەو هاوری یانەوە لە هۆلی كۆنگرەی 5 حككا ئەوە راگەیەندرا كە ئەوان بۆ بردنە پیشەوەی جیاوازی یەكانیان لەگەل رابەری حككع دەستیان بۆ پیكهینانی فراكسیون بردووە.

دیارە بوونی بیروبۆچونی جیاواز لەناو هەرحیزبیكی سیاسی و كومەلایەتی دا نەك شتیكی ئاسای یە بەلكو حتمی یە، چونكە كارو كاردانەوەی لیكەوتی ئەندامانی هەر حیزبیك لەگەل كۆمەلگاو كیشەكانی سەرنجی ئەوانیش بو چارەسەری مەسەلەكان و كیشەكان ئالوگوری بەسەر دیت. حیزبیكی سیاسی و رابەری یەكی واقع بین دەبیت جیگا و ریگا بو ئەو بۆچوونە جیاوازانە بكاتەوە، بە دیاری كردنی هەر مەوازنیك كە بەكەلكی جۆر و رادەی ئەو جیاوازی یە بیت، هەر رابەرایەتی یەك ئەمە نەكات، دلنیابیت كە ریزی یەكگرتووی حیزبەكەی دەخاتە بەر رەحمەتی لیكترازان و دروست كردنی دلساردی و وازهینانی ئەندامانی.

بەم پیشەكی یە كورتە لەسەر مامەلە لەگەل جیاوازی بیرو راو لە ناو حیزب دا ، دەمەویت بچمە سەر وەلامیك كە رابەری حككع بەنیازە بە داواكارانی ئەو فراكسیونەی بداتەوە.

بە پی ی روونكردنەوەیەكی سكرتاریەتی حككع كە لەبەرواری 2004/9/19 بلاوكراوەتەوە ، و لە خالی 2 دا وەلامیكی دووسەرەیان داوەتەوە ، سەریكی رووی لە ئازەری ماجدی و سەریكی تری لە داواكارانی پیكهینانی فراكسیونە. من تەنها لەسەر ئەوەی فراكسیون قسەدەكەم ، رابەری حككع لە و رونكردنەوەیەدا تۆمەتی ئەوە ئەخاتە پال ئەو هاوری‌یانە كە گوایە بوون بە بەشی حیزبیكی تر لە ناو حیزبدا و ئەمەش تیكدانی ریزەكانی حیزبە . كە لەراستی دا ئەمە تۆمەتی بی بناغە و ناراستە ، داواكارانی فراكسیون مافی خۆیانە لایەنگری یان لە حككا و خەتی حمیدی تقوایی بكەن و خەتی حمید وەك دریژە دەری خەتی منصور حكمت لیك بدەنەوە و بە شداری كۆنگرەكەشیان بكەن و خویان بۆ ئەندامانی پۆستە بالاكانی حككا بپالیون . هەر وەك چۆن ئیوەش حەقتانە بریار بدەن لە گەل خەتی كۆرش مدرسی بن و حیزبەكەی ئەوان بە دریژە دەری خەتی منصور حكمت بزانن و ببنە ئەندامی كۆمیتە ناوەندی ئەوان.

هەر كەس بە ووردی ئەم روونكردنەوەیە بخوینیتەوە لەوە تیدەگات كە رابەری حككع نەك ئامادەنی یە وەلامی دروست بە داواكارانی فراكسیون بداتەوە بەلكو احتمالی زۆرە لەریزەكانی حیزب دەریان بكەن . چونكە ئەو هاوری یانە لایەنگری لە خەتی حمید تقوایی و حككا دەكەن و رابەری حككع هەموو پەیوەندی یەكی لە گەل ئەو حیزبە بریوە و بە تیكدانی ریزەكانی حككع تاوانباری دەكات.

من لیرەدا وەك كادریكی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی كریكاری داوا لە رابەری حككع مامەلەیەكی واقعیانە لە گەل ئەم جیاوازی یانە بكات ، و كاریك نەكات كە خۆیان حمید تقوای و هاوریكانیان پی تاوانبار دەكەن و دەلین كیشەكە لەسەر باس و نەزەراتی سیاسی نەبوو ، بەلكو لەسەر رەوشت وسونەتی ئەوان بە نەزەراتی جیاواز بوو. هەروەها ئیوە لایەنگری حیزبی ( متعدد النظرات ) ن ، بە جیا لەمانە ئەو هاوری یانەدیانەویت و لە زمانی خۆیانەوە رایانگەیاندووە كە یەكپارچەیی حیزبەكەیان دە پاریزن و لە ناو حیزبدا كاردەكەن . و بە بۆچوونی من جگە لە فراكسیون مەوازنیكی تر نی كە جیاوازی ئەو هاوری یانە لە خۆ بگریت.

خالیكی تر كە پیویستە باسی بكەم دوانەخستنی وەلامی فراكسیونە بە بوونی باس و نوسراوی سیاسی ئەو هاوری یانەیە ، وەك ئەوەی منصور حكمت داوای لە داواكارانی فراكسیونی سالی 1996 كرد. چونكە ئەمان هەمان ئەو باسانەی حمید و حككا بەباس و بۆچوونی خۆیان دەزانن.

**سامان سعید**

2004/9/20